# Analysis of the role of information and communication technology in finding jobs / Erbil province as an example – 2024

Sipan Azeez Hadoo Sherwani
Member of the council of Representatives of Iraq

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2473.26*
*Published: 23/12/2024*


## *Abstract*

*Information and communication technology (ICT) is widely used as a modern tool for job seeking across all countries, regardless of their level of economic and technological development. The Kurdistan Region is no exception, benefiting from this method despite its relative novelty. The aim of this research is to determine the level of awareness among job seekers in using ICT and to evaluate the role electronic platforms play in finding employment. An inductive method was used to achieve these objectives. The research arrived at several conclusions, including that a significant proportion of those seeking jobs electronically are between the ages of 25 and 40. This reflects the impact of the financial crisis in the region since 2014, which has negatively affected both the public and private sectors by weakening investment and causing stagnation in public sector employment. Furthermore, more than 70% of job seekers use ICT to find jobs, and within this group, over 37% have successfully secured employment through information technology. The study highlights the need to enhance the role of ICT in job creation by establishing electronic platforms for advertising available job opportunities, creating a platform for registering job seekers and connecting them with companies and the private sector, and developing a comprehensive e-government platform to advertise job opportunities and showcase the skills and qualifications of job seekers.*


***Keywords:*** *Information and Communication Technology, Job Opportunities, Erbil.*

# شیکردنەوەی ڕۆڵی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن لە دۆزینەوەی هەلی کاردا/ پارێزگای هەولێر وەک نمونە- ٢٠٢٤

م.ی سیپان عزیز حدۆ شێروانی
ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
Sipansherwani@gmail.com

**پوختە**
تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن وەک ئامرازێکی هاوچەرخ لە دۆزینەوەی هەلی کاردا و لە هەموو وڵاتانی جیهاندا بەبێ جیاوازی و لە ئاستی بەرەوپێشچوونی ئابووری و تەکنەلۆژیادا بەکاردەهێندریت. هەرێمی کوردستانیش سەرەڕای نوێکاری لەم ڕێگایەدا بێبەش نیە لە سوود وەرگرتن لێی. ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە دیاریکردنی ئاستی ڕۆشەنبیری ئەوانەی بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن بەدوای هەلی کاردا دەگەڕێن، و هەروەها سەکۆ ئەلکترۆنییەکان چ ڕۆڵێکیان هەیە لە دۆزینەوەی هەلی کاردا. بۆ بەرجەستەکردنی ئامانجەکە میتۆدی (استقراء ) بەکارهێندراوە. و هەروەها لە کۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتووە بە چەندین دەرئەنجام لەوانەش ڕێژەیەکی زۆری ئەوانەی بە شێوەی ئەلکترۆنی بە دوای کاردا دەگەڕێن زۆرینەیان تەمەنیان لە نێوان (٢٥- ٤٠ ساڵ)دایە و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە قەیرانی دارایی هەرێم لە ٢٠١٤وە کاریگەری نەرێنی لەسەر هەلی کار لە هەر دوو کەرتی گشتی و تایبەتدا هەبووە و بەهۆی لاوازبوونی کاروانی وەبەهەرهێنان و ڕاوەستانی دامەزراندن لە کەرتی گشتیدا زیاتر لە (٧٠٪) ی ئەوانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بەکار دەهێنن، لەم چینەشدا زیاتر لە ( ٣٧٪ ) توانیویانە لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای زانیارییەوە کاریان دەستبکەوێت. و پاشان چەند پێشنیارێک خراوەتە ڕوو لەوانە گرنگی دان بە ڕۆڵی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن لە دروستکردنی سەکۆی ئەلکترۆنی تایبەت بە خستنەڕووی هەلی کاری بەردەست و سەکۆی ئەلکترۆنی تایبەت بە تۆمارکردنی خوازیارانی کار و ناساندنیان بە کۆمپانیا و کەرتی تایبەت، و دروستکردنی سەکۆیەکی ئەلکترۆنی حکومی تایبەت بە خستنەڕووی دەرفەتی کاری بەردەست و سەکۆیەکی ئەلکترۆنی حکومی گشتگیریش بۆ خستنەڕووی سەربوردەی شارەزایی و زانستی خوازیارانی کار.

**زاراوە سەرەکییەکان:** تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن، هەلی کار، هەولێر.

# شیکردنەوەی ڕۆڵی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن لە دۆزینەوەی هەلی کاردا/ پارێزگای هەولێر وەک نمونە- ٢٠٢٤

## پێشەکی

جیهان لەژێر سێبەری شۆڕشی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندندا وای کردووە کە پێویست بکات تاکەکان و یەکە ئابووری و نائابوورییەکان خۆیان بگونجێنن بۆ ئەوەی هاوتەریب بن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەم بوارەدا، چونکە کاریگەرییەکی بەرفراوانی دەبێت لەسەر کۆمەڵگا و دواجار لەسەر رەوتی ژیان و ئاستی خۆشگوزەرانییەوە. و هەروەها تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن وەک ئامرازێکی سەرەکی تایبەتمەندییەکی کێبڕکێی هەیە لە یەکە ئابوورییەکان و دواتر لە بازاڕی کاردا و سەرەڕای ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە رەخساندنی هەلی کاری نوێدا کە ئەمەش وادەکات بازاڕەکانی کار فراوان و گشتگیرتر و بەشێوەی نوێ و جۆراوجۆر بن.

لە ژێر ڕۆشنایی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندندا و بەتایبەت تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و بڵاوبوونەوەی سەکۆکانی ئەلکترۆنی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕیگاکانی بازاڕی کار بۆ کرێکاران و خاوەنکاران کاراتر بووە کە ئەمەش کاریگەرییەکی گرنگی دەبێت لەسەر دەستەبەرکردنی زانیاری پەیوەست بە هەلی کاری رەخساو کە ئەمەش وادەکات چالاکی گەڕان بەدوای کاردا ئاسانتر بێت، ئەمە لە لایەک و لە لایەکیترەوە دیاردەی بێکاری بابەتێکی گرنگ و هەستیارە و پێویستی بەوەیە تێگەیشتنێکی قووڵمان هەبێت لەو گۆڕانکارییانەی کە لە بازاڕی کاردا روودەدەن، ئەمە جگە لەوەی کە دەبێت ئەو لێهاتوویی و زانیارییانە بزانین کە خاوەنکارەکان پێویستیان پێیەتی. چونکە بێکاری وەك كێشەیەکی ئابووری و کومەڵایەتی روو بە رووی زۆربەی کۆمەڵگاکان دەبێتەوە. لەگەڵ ڕەچاوکردنی بوونی جیاوازی لە ئاستەکەیدا، دیاردەی بێکاری چەندین دەرهاویشتەی نەرێنی چ لە ڕووی ئابووری یاخود کۆمەڵایەتی یاخود سیاسییەوە لێدەکەوێتەوە. حکومەتەکان هەمیشە لە کاردان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بێکاری و رێکاری جیاواز بە پشت بەستن بە سیاسەتە ئابوورییە جۆراوجۆرەکان وەك سیاسەتی دارایی و نەختینەیی و وەبەرهێنان دەگرنەبەر. شانبەشانی سیاسەتەکان چەندین ناوەندی جۆراوجۆر وەک دەرچەیەک بۆ دۆزینەوەی هەلی کار کاردەکەن ، یەکێک لەمانە سەکۆکانی گەیاندنە کە خۆی لە تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن دەبینێتەوە کە چەندین لایەنی ئەرێنی وەکو کەمی تێچوون و کات لەخۆدەگرێت.

## گرنگی توێژینەوە

وەکو ئاشکرایە کە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە تەکنەلۆژیای زانیاری و ئامرازەکانی پەیوەندیکردندا روویداوە کە بووەتە هۆی گۆڕانکاری لە سروشتی ئابووری و شێوازەکانی دۆزینەوەی هەلی کار، لە هەمان کاتدا کاریگەری و دەرئەنجامی گرینگی لێدەکەوێتەوە کە هەندێکجار سروشتی چالاکییە ئابوورییەکان دەگۆڕێت و ئامرازەکانیان سەرەو خوارەوە دەکاتەوە . گرنگی ئەم توێژیەنەوەیە سەرچاوە دەگرێت لە گرنگی پێنەدان بە رۆڵی تەکنەلۆژیای زانیاری و دیاریکردنی شێوازی دۆزینەوەی هەلی کار بە سوودوەرگرتن لە پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن لەلایەن توێژەرانەوە و بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا. ئەنجامدانی توێژینەوە لەم بوارەدا هەنگاوێکی دەستپێکە کە سوودی فرەلایەنی دەبەخشێت بە لایەنی ئەکادیمی، سەرەڕای ئەوەی کە جوگرافیای توێژینەوەکە ناوەندێکی ئابووری و سیاسی گرنگە لە هەرێمی کوردستاندا کە پارێزگای هەولێرە.

**کێشەی توێژینەوە**

سەرەڕای بوونی شێوازی جۆراوجۆر بۆ دۆزینەوەی هەلی کار و پەرەسەندنی ئامرازەکانی دۆزینەوەی کاری گونجاو، کەچی تاوەکو ئێستا بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستاندا نەیتوانیوە سوود لە شێوازە نوێیەکان بۆ دۆزینەوەی کاری گونجاو و ئاراستەکردنی کەسی گونجاو بۆ شوێنی گونجاو ببینێتەوە، بۆیە دەستنیشانکردنی رۆڵی تەکنەلۆژیای زانیاری و ئامرازەکانی پەیوەندی لە هەرێمی کوردستاندا کیشەیەکی ئابووری شایستە بۆ لیکۆلینەوەیە و دیاری کردنی دیاردەی بێکاری لە ئەنجامی کۆمەڵێک فاکتەری ئابووری لە پارێزگای هەولێردا، و لە لایەکیترەوە بەرتەسک بوونەوەی هەلی کار لە کەرتی گشتی و فراوانبوونی پرۆژەکانی کەرتی تایبەت و گرتنەبەری شێوازی هاوچەرخ بۆ رەخساندنی هەلی کار لەلایەن کەرتی تایبەتەوە و لە ڕێگەی سەکۆ ئەلکترۆنییەکان وگەیاندنەوە بووە بە هۆکارێک بۆ گەڕان بەدوای هەلی کار لەلایەن بێکارانەوە کە وادەکات کێشەی توێژینەوەکە خۆی ببینێتەوە لە:-

ئایا خوازیارانی هەلی کار تا چەند سوودیان لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای زانیاری بۆ دۆزینەوەی هەلی کار وەرگرتووە ؟ تەکنەلۆژیای زانیاری تا چەند ئاراستەکردنیان بۆ دەرفەتی گونجاو کردووە ؟

**ئامانجی توێژینەوە**

- دیاریکردنی ڕۆڵ و کاریگەری تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن لە دۆزینەوەی هەلی کاردا.
- دیاریکردنی ڕێژەی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری لە بەدەستهێنانی دەرفەتی کاری گونجاودا.
- دیاریکردنی ئاستی پەسەندکردنی هەلەکانی کارکردن بۆ دۆزینەوەی هەلی کار لەلایەن بەکارهێنەرانی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندنەوە.

**گریمانەی توێژینەوە**

گریمانەی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە :

- لە نزمی بەشداریکردنی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن لە دۆزینەوەی هەلی کار لە پارێزگای هەولێر و لە پرۆژەکانی کەرتی تایبەتدا.
- پەنابردنە بەر تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی وەکو یەکێک لە سەکۆکانی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن.

**میتۆدی توێژینەوە**

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە ئەوا پشت بەستراوە بە میتۆدی وەسفی ( استقراء)ی بۆ دیاریکردنی رۆڵ و کاریگەری تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن لە دۆزینەوەی هەلی کاردا.

**چوارچێوەی توێژینەوە**

- شوێنی جوگرافیا: پارێزگای هەولێر
- ماوەی کاتی : ساڵی ( ٢٠٢٤).
- چوارچێوەی مرۆیی: بژاردەیەکی هەڕەمەکی چینی وەرگیراو لەو گەنجانەی کە بەدوای کاردا دەگەڕێن.
-

**سەرچاوەکانی توێژینەوە**

- پەرتووک، توێژینەوە، نامەی ماستەر و تێزی دکتورا بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە توێژینەوە.
- فۆرمی ڕاپرسی بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی توێژینەوە کە توێژەر فۆرمێکی ڕاپرسی کە چەندین پرسیار لە خۆ دەگرێت و دابەشکراوە بەسەر چەند تەوەرەیەکدا، داڕشتووە.
- شێوازی دابەشکردنی لەسەر بنەمای سروشتی توێژینەوەکە ( گەڕان بەدوای هەلی کار لە ڕێگەی سەکۆکانی گەیاندن و تەکنەلۆژیا بەشێوەی ئەلکترۆنی و بژاردەی توێژینەوەکە لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەندێک تایبەتمەندی دیموگرافی بژاردەکان هەڕەمەکی بووە).

**پەیکەری توێژینەوە**
بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی، توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر دوو باس دا، باسی یەکەم تایبەتە بە چوارچێوەی تیۆری بێکاری و سەکۆ ئەلکترۆنییەکان و باسی دووەم تایبەتە بە تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن و هەلی کار لە شاری هەولێردا. ئەم توێژینەوەیە بە کۆمەڵێک دەرئەنجام و پێشنیار و هەروەها لیستی سەرچاوەکان و نموونەیەک لە فۆرمی راپرسی کۆتایی هاتووە.

**باسی یەکەم**

**چوارچێوەی تیۆری بێکاری و سەکۆ ئەلکترۆنییەکان**

**١.١ تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن و گرنگییەکەی**

**١-١-١ چەمکی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن**

تەکنەلۆژیای زانیاری بریتیە لە کۆمەڵێک ئامراز بۆ پرۆسێسکردن و کۆکردنەوە و هەڵگرتن و گواستنەوەی زانیاری ولە هەمان کاتدا ئامانجی ئاسانکاریی بۆ دەستەبەرکردنی زانیاری و باشترکردنی کارایی کار و بڕیاردانە (فضيل ، وافية، و طارق، ٢٠١٩، صفحة ٢١٩). تەکنەلۆژیای زانیاری چەندین توخمی وەک ڕەقە کاڵای کۆمپیوتەر، نەرمەکاڵا، تۆڕ، تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت و سیستەمی ئەلیکترۆنی تر لەخۆدەگرێت و لە بوارە جیاوازەکانی وەک بازرگانی، پەروەردە، چاودێری تەندروستی، پەیوەندییەکان، و کات بەسەربردندا بەکاردەهێنرێت (ابراهيم، ٢٠٢٣، صفحة ١٥). تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن بۆ یەکەمجار لە ئەمریکا و لە دەرئەنجامی تێکهەڵکێشییەوە لە تۆڕەکان و هێڵەکانی گەیاندندا و هەروەها لە یابان و هەندێك لە وڵاتانی ئەوروپی وەك (ئیسپانیا و فەرەنسا ) لەژێر ناوی گەیاندنی بێتەڵدا، سەریهەڵداوە (ابراهيم، ٢٠٢٣، صفحة ١٥).

**١-١-٢ گرنگی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن**

تەکنەلۆژیای زانیاری لە سەردەمی ئەمڕۆدا ڕۆڵێکی گرنگی لەم بوارانەی خوارەوەدا هەیە:

باشترکردنی بەرهەمهێنان: تەکنەلۆژیای زانیاری ئامراز و بەرنامە دابین دەکات کە یارمەتیدەرە بۆ باشترکردنی بەرهەمهێنانی تاک و کۆمپانیاکان، لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە سیستەمی زانیاری و بەرنامە زیرەکەکانەوە کۆمپانیاکان دەتوانن چالاکییەکانیان ڕێکبخەن و کارەکانیان باشتر بکەن (عايش، ٢٠١٧، صفحة ٢٨).

گەڕاندنەوەی کات و ماندووبوون: تەکنەلۆژیای زانیاری ڕێگە بە پرۆسێسکردن و هەڵگرتن و گواستنەوەی زانیاری بە خێرایی و ئاسانی دەدات کە ئەمەش کات و ماندووبوونێکی زۆر دەگەڕێنێتەوە (العلاف، ٢٠١٩، صفحة ٢٩٩).

کاراکردنی بڕیاردان: تەکنەلۆژیای زانیاری ئامرازەکان بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتاکان دابین دەکات، ئەمەش وادەکات ڕێکخراو و کەسەکان بتوانن بڕیاری باشتر بدەن. کۆمپانیاکان دەتوانن سیستەمی

بەڕێوەبردنی زانیاری و سیستەمی زیرەکی دەستکرد بۆ شیکردنەوەی داتاکان و بەدەستهێنانی تێڕوانینێکی بەنرخ کە یارمەتیان دەدات بڕیارێکی ستراتیجی بدەن، بەکاربهێنن (الفقية، ٢٠١٧، صفحة ١٢٩). و سەرەڕای هەموو ئەمانەش، تەکنەلۆژیای زانیاری ڕۆڵێکی گرنگی لە پێشخستنی داهێنان و گەشەپێداندا هەیە و بەشدارە لە بەرزکردنەوەی داهێنان و گەشەپێدان لە سەرجەم بوارە جیاوازەکاندا (حسين و العابدي، ٢٠٢٠، صفحة ٣٤٥).

**١-٢ چەمکی کار و بازاڕی کار**

**١-٢-١ چەمکی کار**

چەمکی کار ئاماژەیە بۆ ئەو چالاکییانەی کە تاکەکان بە ئامانجی پەیداکردنی بژێوی ژیانیان و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی دارایی ئەنجامی دەدەن. چەمکی کار هەموو جۆرە کارێکی مووچەخۆر دەگرێتەوە، جا چ لە بواری خزمەتگوزاری یاخود بازرگانی و پیشەسازی و یان ئەوانی تر بێت (علي و عبد، ٢٠١٦، صفحة ٣٧). کار بە بنەمایەک بۆ گەیشتن بە خۆبژێوی و دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی تاک و خێزانەکەی دادەنرێت. جگە لە لایەنی دارایی، کار دەتوانێت ڕەزامەندی دەروونی و گەشەسەندنی کەسی و دەرفەتی فێربوون و پێشکەوتن لە ژیاندا دابین بکات (حنان، خلف، و زكية، ٢٠٢١، صفحة ٣٢٥).

**١-٢-٢ گرنگی کار**

لە ڕوانگەی زانستی ئابوورییەوە کار چەندین گرنگی هەیە کە دیارترینیان ئەمانەن: کار توخمێکە لە توخمەکانی بەرهەمهێنان، کە گومانی تێدا نیە هێزی کار یەکێکە لەگرنگترین توخم لە چوار توخمەکەی بەرهەمهێنان شان بەشانی زەوی و سەرمایە و ڕێکخستندا، کار سەرچاوەیەکە بۆ داهات لەبەرامبەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی دەستی کار بەئامانجی بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان و لەبەرامبەردا کرێیەکی دیاریکراو بەدەست دەهێنێت، ئەمەش پاڵپشتە بۆ داهاتی تاك و یارمەتیدەرە بۆ بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە. کار وەك دەرامەتێکی مرۆیی پێویستە بەئامانجی پەرەپێدانی ئابووری گەشەی پێ بدرێت (القريشي، ٢٠٠٧، الصفحات ١٧-١٨).

**١-٢-٣ چەمکی بازاڕی کار و جۆرەکانی**

بازاڕی کار ئەو شوێنەیە کە سەرچاوە مرۆییەکانی تێدا فەراهەمە کە توانای کارکردنیان هەیە و بەدوای کاردا دەگەڕێن، مەرج نیە ئەم شوێنە ناوچەیەکی جوگرافیایی دیاریکراو بێت، بەڵکو شوێنەکەی ئەمڕۆ بووەتە تایبەتمەندی سروشتی ئەو شوێنە ئابوورییە لەلایەک و شوێنی دارایی لە لایەکی ترەوە. بازاڕی

کار لەم چوار جۆرە پێکدێت: بازاڕی کار لەکەرتی حکومی، بازاڕی کار لەکەرتی تایبەت، بازاڕی کار لەکەرتی بیانی و بازاڕی کاری ناڕێکخراو (الدلو، ٢٠١٦، الصفحات ٦٠-٦١).

**١-٢-٤ تایبەتمەندییەکانی بازاڕی کار**

بازاڕی کار کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە کە دیارترینیان ئەمانەن:

١- خواست و خستنەڕوو: خستنەڕوو پەیوەندی بە کۆی ژمارەی ئەو کرێکارانەوە هەیە کە لە بازاڕی کاردا بەردەستن، لە کاتێکدا خواست پەیوەندی بەو کارانەوە هەیە کە لەلایەن خاوەنکارەکانەوە بەردەستن و هەروەها ڕکابەری تەواو نیە، واتا نەبوونی یەك جۆر لە کرێی بازاڕ بۆ کارێکی هاوشێوە، کە یەکێك لە هۆکارەکانی کەمی زانیاریی لەسەر هەلی بەگەڕخستنە (جرفي، ٢٠٢٠، صفحة ٦).

٢- ئاسانی لە جیاکردنەوە لە نێوان خزمەتگوزارییەکانی کاردا: ئەمەش ئەگەر هاوشێوەی یەکتر بە هۆکاری ڕەگەز یاخود لێهاتووی و شارەزایی یاخود توانستی زانستی یانیش هۆکارەکانی پەیوەست بە تەمەن و کلتور بێت. و هەروەها کارلێکردنی بازاڕی کار و پەیوەندی بە بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیاوە کاریگەری هەیە لەسەر بێکاری (البهنساوي، ٢٠١٨، الصفحات ٣٥-٥٦).

**١-٢-٥ هۆکاری کاریگەر لەسەر خستنەڕووی کاردا**

لە دیارترین هۆکاری کاریگەر لەسەر خستنەڕووی کاردا، ژمارەی دانیشتوان و پێکهاتەکەیەتی و هەروەها ئاستی کرێ و ئاستی گشتی نرخەکان، کۆچکردن و ئازادی هەڵبژاردنی کاریش لە فاکتەرە کاریگەرەکانی سەر خستنەڕووی کارن (عبدالله، ٢٠١٤، صفحة ٢٨).

**١-٢-٦ هۆکاری کاریگەر لەسەر خواست لەسەر کار**

ئاستی گەشەی ئابووری بە دیارترین هۆکاری کاریگەر بەسەر خواست لەسەر کار دادەندرێت بەدوای ئەویشدا ئاستی وەبەرهێنان، بەرەو پێشچوونی تەکنەلۆژیا و خواستی هەموەکی دێت کە زۆرترین کاریگەرییان لەسەر خواست لەسەر کار هەیە (عماد الدين و المرعي، ٢٠١٤، صفحة ٢٨)

**١-٣ کار لەژێر ڕۆشنایی تەکنەلۆژیای زانیاریدا**

**١-٣-١ چەمکی کار لە میانەی تەکنەلۆژیای زانیاریدا**

لە بەر ڕۆشنایی بەردەوامی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆجیای زانیاریدا، گۆڕانکاری لەبڕیاری تاکەکان و بۆ خستنەڕووی تواناکانیاندا بەدیدەکرێت، ئەویش لەمیانەی هەڵبژاردنی کار لەنێوان کاتی کار و پشووی کاردا کە ئەمە وادەکات چەند هەڵبژاردەیەك بۆ تەرخانکردنی کاتەکانی کارکردن سەرەڕای ڕەچاوکردنی تەکنیکی نوێ کە یارمەتیدەرە بۆ بەرزکردنەوەی لێهاتووی و بەرهەمداری، هەبێت و دەکرێت بەشێك لەئەرکەکانیان لەڕێگای مۆبایلی زیرەك یاخود تۆڕەکانی بێ تەلەوە ئەنجام بدەن. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە مانای کار لەکۆششی جەستەیی یاخود هزریدا گۆشەگیر نیە بەڵکو کۆمەڵێك هۆکاری دەرەکی کاریگەرییان هەیە لەسەر تاکەکان لەمیانەی ئامێرەکانی گەیاندندا (القريشي، ٢٠٠٧، صفحة ٤٧).

**١-٣-٢ بازاڕی کار لە ژێر ڕۆشنایی تەکنەلۆژیای زانیاریدا**

پێشکەوتنە خێراکانی تەکنەلۆژیای زانیاری کاریگەری لەسەر بازاڕی کار و پێکهاتەکەی هەبووە و بەشێوەیەک لە ژێر سایەی تەکنەلۆژیای زانیاریدا پێکهاتەی پیشەکان گۆڕانکاری بەرچاوی بەسەردا هاتووە، و هەروەها شێوازی ئەنجامدان و جێبەجێکردنی پیشەکانیش بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو لە پرۆژەکاندا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. پرۆگرامی خوێندنیش بێبەش نەبووە لە کاریگەرییەکان و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە پرۆگرامی خوێندن لە قۆناغە جیاوازەکان و بۆ گونجاندن لەگەڵ خواست و پێداویستی بازاڕ بۆ کاردا (مناور، كشو، الشعيلي، و عبدالغفار، ٢٠١٦، صفحة ٣٨).

**١-٣-٣ بەگەڕخستنی دەستی کار بەشێوەی ئەلیکترۆنی**

ئەو گۆڕانکارییانەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بەدوای خۆیدا بەجێیهێشتووە، بەگەڕخستنی کار لێی بێبەش نیە. بەگەڕخستنی ئەلیکترۆنی کار ئەم سوودانەی هەیە: ١- کورتکردنەوەی کات، ٢- خێرایی ڕێکلامکردنی هەلی کار، ٣- پاراستنی نهێنییەکان، ٤- نەبوونی نێوەندگیر، ٥- بڵاوبوونەوە بەشێوەی فراوان لەبەردەم کۆمپانیاکاندا، ٦- نزمی تێچوونی بەگەڕخستن (جادو، ٢٠٢٣، صفحة ٨١٩).

**باسی دووەم**

**تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن و هەلی کار لە پارێزگای هەولێردا***

**٢-١ تایبەتمەندی دیموگرافی و ئابووری خێزانی بژاردە لە توێژینەوەکەدا**

**٢-١-١ تێستی ئاماری**

نموونەیەک لە فۆرمی ڕاپرسی دارێژراوە بە ئامانجی دیاریکردنی ڕۆڵ و کاریگەری تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن لە دۆزینەوەی هەلی کار لە پارێزگای هەولێردا و شێوازی دابەشکردن لە ڕێگەی ئەلکترۆنییە. لە لایەکیترەوە ژمارەی بژاردەی توێژینەوەکە کە وەڵامی پرسیارەکانی فۆرمەکەیان داوەتەوە (١٥٧) بژاردەیە، بەڵام ئەو فۆرمانەی کە وەڵامەکەیان بێ کەموکورتییە یەکسانە بە (١٢٠) فۆرم.

خشتەی ژمارە ٢-١-١: تێستی ئاماریی بۆ فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە ( بەهای کۆرنباخ ئەلفا)

| ژمارە | بەها | Cronbach's Alpha |
|---|---|---|
| 24 | 0.808 | Guttman split-half Coefficient |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە بەرنامەی SPSS.V25

**٢-١-٢ ڕەگەز**

کۆی بەشداربووان لە (١٢٠) کەس پێکدێت کە لەو ژمارەیە (٨٨) کەسیان لە ڕەگەزی نێرە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە (٧٣.٣٪) و ڕەگەزی مێ لە (٣٢) کەس پێکدێت کە ڕێژەکەی یەکسانە بە (٢٦.٧٪) وەک ئەوەی لە خشتەی (٢-١-٢)دا خراونەتە ڕوو.

خشتەی ژمارە (٢-١-٢): دابەشبوونی ڕەگەزی بژاردەی توێژینەوە

| ڕێژە | ژمارە | ڕەگەز |
|---|---|---|
| ٪٧٣.٣ | ٨٨ | نێر |
| ٪٢٦.٧ | ٣٢ | مێ |
| ٪١٠٠ | ١٢٠ | سەرجەم |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

*. هەولێر: پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراقی فیدراڵە، بە یەکێک لە مێژوویترین شارەکان دادەنرێت کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٦٠٠٠ ساڵ پێش زایین (بلال، ١٩٧١)، ڕووبەری پارێزگای هەولێر یەکسانە بە ( ١٤٨٧٢)کم٢ (اسماعیل، ٢٠٢١، صفحة ٦) و ژمارەی دانیشتوانی لە ٢٠٢١ بە زیاتر لە ٢ ملیۆن دانیشتوو تۆمارکراوە، ناوەندێکی گرنگی سیاسی و ئابوورییە لە عێراقدا، لە دوای ڕوخاندنی ڕژێمی پێشووی عێراق لە ٢٠٠٣دا، زۆرترین وەبەرهێنان لە هەولێر ئەنجامدراوە و بە گەشەسەندووترین شاری عێراق دادەندرێت (الهیتي، ٢٠٢٢، صفحة ٦٨).

**٢-١-٣ تەمەن**

- تەمەنی نێوان (١٥-١٩) ساڵ ژمارەیان یەکسانە بە (٥) کەس و ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٤.١٦٪).
- تەمەنی نێوان (٢٠ -٢٤) ساڵ ژمارەیان یەکسانە بە (٢١) کەس و ڕێژەکەی یەکسانە بە (١٧.٥٪).
- تەمەنی نێوان (٢٥ - ٢٩) ساڵ ژمارەیان یەکسانە بە (٣٤) کەس و ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٢٨.٣٣٪).
- تەمەنی نێوان (٣٠ – ٣٤ ) ساڵ ژمارەیان یەکسانە بە (٢٩) کەس و ڕێژەکەی یەکسانە بە (٢٤.١٦٪).
- تەمەنی نێوان (٣٥ -٤٤) ساڵ ژمارەیان یەکسانە بە (٢٨) کەس و ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٢٣.٣٣٪).
- تەمەنی نێوان (٤٥ بۆ سەرەوە) ژمارەیان یەکسانە بە (٣) کەس و ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٢.٥٪).

خشتەی ژمارە (٢-١-٣): دابەشبوونی تەمەنی بژاردەی وەرگیراو لە توێژینەوەکەدا

| ڕێژە | ژمارە | تەمەن |
|---|---|---|
| ٤.١٦ | ٥ | ١٥-١٩ |
| ١٧.٥ | ٢١ | ٢٠-٢٤ |
| ٢٨.٣ | ٣٤ | ٢٥-٢٩ |
| ٢٤.١٦ | ٢٩ | ٣٠-٣٤ |
| ٢٣.٣٣ | ٢٨ | ٣٥-٤٤ |
| ٢.٥ | ٣ | ٤٥ بۆ سەرەوە |
| ٩٩.٩٨ | ١٢٠ | سەرجەم |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

**٢-١-٤ باری خێزانی**

- ژمارەی بەشداربووی سەڵت لە بژاردەی وەرگیراودا یەکسانە بە (٤٢) کەس، کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٣٥٪) لە هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ.
- ژمارەی بەشداربووی خێزاندار لە بژاردەی وەرگیراو یەکسانە بە ( ٧٥) کەس، کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٦٢.٥٪) لە هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ.
- ڕێژەی بەشدار بووی ئەوانیتر یەکسانە بە ( ٣ ) کەس، کە ڕێژەکەی یەکسانە بە (٢.٥٪) لە هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ، و کۆی گشتی بەشداربووان لە هەر دوو ڕەگەزدا یەکسانە بە (١٢٠) کەس وەک لە خشتەی ژمارە ( ٢-١-٤) دا خراونەتە ڕوو.

خشتەی ژمارە ( ٢-١-٤): باری خێزانی بژاردەی وەرگیراو

| ڕێژە | ژمارە | باری خێزانی |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| سەڵت | ٤٢ | ٪٣٥ |
| خێزاندار | ٧٥ | ٪٦٢.٥ |
| هیتر | ٣ | ٪٢.٥ |
| سەرجەم | ١٢٠ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

**٢-١-٥ شوێنی نیشتەجێبوونی بژاردەی وەرگیراو لە توێژینەوەکەدا**

- ژمارەی بەشداربووانی بژاردەی وەرگیراو لە سەنتەری شاردا بریتیە لە ( ٨١) کەس، کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٪٦٧.٥) لە کۆی (١٢٠) کەسی وەرگیراو لەم توێژینەوەیەدا.
- ژمارەی بەشداربووانی دەورووبەری شار یەکسانە بە ( ٣٩) کەس و ڕێژەکەشی (٪٣٢.٥)ی کۆی گشتی بەشداربووان پێکدێنێت، زانیاری ورد لەم خشتەیەی خوارەوەدا روون دەکرێتەوە.

خشتەی ژمارە ( ٢-١-٥): شوێنی بەشداربووانی توێژینەوە

| شوێن | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| سەنتەری شار | ٨١ | ٪٦٧.٥ |
| دەورووبەری شار | ٣٩ | ٪٣٢.٥ |
| سەرجەم | ١٢٠ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

**٢-١-٦ ئاستی زانستی بژاردەی وەرگیراو لە توێژینەوەکەدا**

ئاستی زانستی بژاردەی وەرگیراو لە هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێدا کە لە (١٢٠) کەس پێکدێت، بەو ڕێژەیەی کە لە خوارەوەدا هاتووە:

- ئاستی تەنیا خوێندنەوە و نووسین ( ٢ ) کەسە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٪١.٦٦).
- ئاستی بڕوانامەی سەرەتایی ( ٧ ) کەسە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٪٥.٨٣).
- ئاستی بڕوانامەی ناوەندی ( ١٥ ) کەسە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٪١٢.٥).
- ئاستی بڕوانامەی ئامادەیی ( ٢٤) کەسە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٪٢٠).
- ئاستی زانستی بڕوانامەی دبلۆم ( ٢١) کەسە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٪١٧.٥).
- ئاستی بڕوانامەی بەکالۆریۆس ( ٤٥ ) کەسە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٪٣٧.٥).
- ئاستی زانستی بڕوانامەی دبلۆمی باڵا ( ١) کەسە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٪٠.٨٣)
- ئاستی زانستی بڕوانامەی ماستەر ( ٤) کەسە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٪٣.٣٣).
- ئاستی زانستی بڕوانامەی دکتۆرا (١ ) کەسە کە ڕێژەکەی ئەکسانە بە ( ٪٠.٨٣).

وەک لە خشتەی ژمارە (٢-١-٦) دا روونە.

خشتەی ژمارە (٢-١-٦): ئاستی زانستی بژاردەی وەرگیراو لە توێژینەوەدا

| ئاستی زانستی | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| خوێندنەوە و نووسین | ٢ | ٪١.٦٦ |
| بڕوانامەی سەرەتایی | ٧ | ٪٥.٨٣ |
| بڕوانامەی ناوەندی | ١٥ | ٪١٢.٥ |
| بڕوانامەی ئامادەیی | ٢٤ | ٪٢٠ |
| بڕوانامەی دبلۆم | ٢١ | ٪١٧.٥ |
| بەکالۆریۆس | ٤٥ | ٪٣٧.٥ |
| بڕوانامەی دبلۆمی باڵا | ١ | ٪٠.٨٣ |
| بڕوانامەی ماستەر | ٤ | ٪٣.٣٣ |
| بڕوانامەی دکتورا | ١ | ٪٠.٨٣ |
| سەرجەم | ١٢٠ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

**٢.٢ تایبەتمەندی ئابووری بژاردەی وەرگیراو، واتە ئەو کەسانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن**

**٢-٢-١ داهاتی مانگانەی خێزانی بژاردەی وەرگیراو**

ئاستی داهاتی خێزانی بژاردەی وەرگیراو بەم شێوازەی خوارەوەیە:

- ئەو خێزانانەی داهاتیان لەنێوان ( ٣٠٠،٠٠٠ – ٤٩٩،٠٠٠) دینارە، ژمارەیان ( ٤٣) خێزانە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٣٥.٨٣٪).
- ئەو خێزانانەی داهاتیان لەنێوان ( ٥٠٠،٠٠٠ – ٧٤٩،٠٠٠) دینارە، ژمارەیان ( ٢٤) خێزانە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٢٠٪).
- ئەو خێزانانەی داهاتیان لەنێوان ( ٧٥٠،٠٠٠ – ٩٩٩،٠٠٠) دینارە، ژمارەیان ( ٢٢) خێزانە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ١٨،٣٣٪).
- ئەو خێزانانەی داهاتیان لەنێوان ( ١،٠٠٠،٠٠٠ – ١،٢٤٩،٠٠٠) دینارە، ژمارەیان ( ١٤) خێزانە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ١١.٦٦٪).
- ئەو خێزانانەی داهاتیان لەنێوان ( ١،٢٥٠،٠٠٠ – ١،٤٩٩،٠٠٠) دینارە، ژمارەیان ( ١٠) خێزانە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٨.٣٣٪).
- ئەو خێزانانەی داهاتیان لەنێوان ( ١.٥٠٠،٠٠٠ – بۆ سەرەوە) دینارە، ژمارەیان ( ٧) خێزانە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٥.٨٣٪).

وەک لە خشتەی ژمارە (٢-٢-١) دیارە.

خشتەی ژمارە (٢-٢-١): ئاستی داهاتی خێزانی بژاردەی وەرگیراو

| ڕێژە | ژمارە | ئاستی داهات بە دینار |
|---|---|---|
| ٪٣٥.٨٣ | ٤٣ | ٣٠٠،٠٠٠ – ٤٩٩،٠٠٠ |
| ٪٢٠ | ٢٤ | ٥٠٠،٠٠٠ – ٧٤٩،٠٠٠ |
| ٪١٨.٣٣ | ٢٢ | ٧٥٠،٠٠٠ – ٩٩٩،٠٠٠ |
| ٪١١.٦٦ | ١٤ | ١،٠٠٠،٠٠٠ – ١،٢٤٩،٠٠٠ |
| ٪٨.٣٣ | ١٠ | ١،٢٥٠،٠٠٠ – ١،٤٩٩،٠٠٠ |
| ٪٥.٨٣ | ٧ | ١،٥٠٠،٠٠٠ – بۆ سەرەوە |
| ٪١٠٠ | ١٢٠ | سەرجەم |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

**٢.٢.٢ خەرجی مانگانەی خێزانی بژاردەی وەرگیراو لە توێژینەوەکەدا**

- ئەو خێزانانەی خەرجی مانگانەیان لەنێوان ( ٣٠٠،٠٠٠ – ٤٩٩،٠٠٠) دینارە، ژمارەیان ( ٤٠) خێزانە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٣٣.٣٣٪).
- ئەو خێزانانەی خەرجی مانگانەیان لەنێوان ( ٥٠٠،٠٠٠ – ٧٤٩،٠٠٠) دینارە، ژمارەیان ( ٥٣) خێزانە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٤٤.١٦٪).
- ئەو خێزانانەی خەرجی مانگانەیان لەنێوان ( ٧٥٠،٠٠٠ – ٩٩٩،٠٠٠) دینارە، ژمارەیان ( ١٥) خێزانە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ١٢.٥٪).
- ئەو خێزانانەی خەرجی مانگانەیان لەنێوان ( ١،٠٠٠،٠٠٠ – ١،٢٤٩،٠٠٠) دینارە، ژمارەیان ( ٧ ) خێزانە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٥.٨٣٪).
- ئەو خێزانانەی خەرجی مانگانەیان لەنێوان ( ١،٢٥٠،٠٠٠ – ١،٤٩٩،٠٠٠) دینارە، ژمارەیان (١) خێزانە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٠.٨٣٪).
- ئەو خێزانانەی خەرجی مانگانەیان لەنێوان ( ١.٥٠٠،٠٠٠ – بۆ سەرەوە) دینارە، ژمارەیان ( ٤) خێزانە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٣.٣٣٪).

وەک لە خشتەی ژمارە (٢-٢-٢)دا خراوەتە ڕوو.

خشتەی ژمارە (٢-٢-٢): ئاستی داهاتی خێزانی بژاردەی وەرگیراو

| ڕێژە | ژمارە | ئاستی داهات بە دینار |
|---|---|---|
| ٪٣٣.٣٣ | ٤٠ | ٣٠٠،٠٠٠ – ٤٩٩،٠٠٠ |
| ٪٤٤.١٦ | ٥٣ | ٥٠٠،٠٠٠ – ٧٤٩،٠٠٠ |
| ٪١٢.٥ | ١٥ | ٧٥٠،٠٠٠ – ٩٩٩،٠٠٠ |
| ٪٥.٨٣ | ٧ | ١،٠٠٠،٠٠٠ – ١،٢٤٩،٠٠٠ |
| ٪٠.٨٣ | ١ | ١،٢٥٠،٠٠٠ – ١،٤٩٩،٠٠٠ |
| ٪٣.٣٣ | ٤ | ١،٥٠٠،٠٠٠ – بۆ سەرەوە |
| ٪١٠٠ | ١٢٠ | سەرجەم |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

**٢-٣ تایبەتمەندی ئابووری ئەو کەسانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن لە بژاردەی وەرگیراودا**

**٢-٣-١ باری کارکردن**

لە کۆی (١٢٠) کەسی بژاردەی وەرگیراو لە توێژینەوەکەدا و لە هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێدا، بۆمان دەردەکەوێت کە (٨٨) کەس لە ئێستادا کاریان هەیە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە (٧٣.٣٣٪) و هەروەها (٣٢) کەس بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە واتە کاریان نیە و ڕێژەکەشی یەکسانە بە (٢٦.٦٦٪)، زانیاری زیاتر لە خشتەی ژمارە (٢-٣-١) خراونەتە ڕوو.

خشتەی ژمارە (٢-٣-١): باری کارکردنی ئەو کەسانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن

| ڕێژە | ژمارە | باری کارکردن |
|---|---|---|
| ٪٧٣.٣٣ | ٨٨ | بەڵێ |
| ٪٢٦.٦٦ | ٣٢ | نەخێر |
| ٪١٠٠ | ١٢٠ | سەرجەم |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

**٢-٣-٢ جۆری خاوەندارییەتی کەرتەکان**

بۆ زانینی دابەشبوونی ئەو کەسانەی لە بژاردەی وەرگیراودا و لە کەرتی گشتی یان کەرتی تایبەتدا کاردەکەن، دەردەکەوێت کە لە کۆی ئەو (٨٨) کەسەی لە برگەی پێشوودا وەڵامیان بەڵێ بووە، (١٢) کەس لە کەرتی گشتیدا کاردەکەن کە ڕێژەکەی یەکسانە بە (١٣.٦٣٪)، و ئەو کەسانەی کە لە کەرتی تایبەتدا کاردەکەن ژمارەیان یەکسانە بە (٧٦) کەس و ڕێژەکەی یەکسانە بە (٨٦،٦٦٪) لە کۆی ئەو (٨٨) کەسەی کە لە بژاردەی وەرگیراودا کاردەکەن، لە خشتەی ژمارە (٢-٣-٢) زانیاری زیاتر خراونەتە ڕوو.

خشتەی ژمارە (٢-٣-٢): خاوەندارییەتی کەرتی ئەوکەسانەی کاردەکەن

| ڕێژە | ژمارە | باری کارکردن |
|---|---|---|
| ٪١٣.٦٣ | ١٢ | کەرتی گشتی |
| ٪٨٦.٦٦ | ٧٦ | کەرتی تایبەت |
| ٪١٠٠ | ٨٨ | سەرجەم |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

**٢-٣-٣ شارەزایی کارکردن**

شارەزایی کارکردنی بەشداربووانی بژاردەی وەرگیراو کە پرسیاری ئایا کاردەکەن لە ئێستایاندا، بە بەڵێ وەڵام درابووەوە کە یەکسانە بە (٨٨) کەس و شارەزایی کارکردنیان بەم شێوازەی خوارەوەیە:

- ئەو کەسانەی کە شارەزاییان لە نێوان (١ – ٥) ساڵە و ژمارەیان (٣٥) کەسە و ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٣٩.٧٧٪).
- ئەو کەسانەی کە شارەزاییان لە نێوان (٦ – ١٠) ساڵە و ژمارەیان ( ١٩) کەسە و ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٢١.٥٩).
- ئەو کەسانەی کە شارەزاییان لە نێوان (١١ – ١٥) ساڵە و ژمارەیان ( ٢٤) کەسە و ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٢٧.٢٧٪).
- ئەو کەسانەی کە شارەزاییان لە نێوان (١٦ – ٢٠) ساڵە و ژمارەیان ( ٨ ) کەسە و ڕێژەکەی یەکسانە بە ٩.٠٩٪).
- ئەو کەسانەی کە شارەزاییان لە نێوان (٢١ ساڵ بۆ سەرەوە)یە و ژمارەیان (٢) کەسە و ڕێژەکەی یەکسانە بە (٢.٢٧) لەسەدا وەک لە خشتەی (٢-٣-٣) زانیارەکان خراونەتە ڕوو.

خشتەی ژمارە (٢-٣-٣) شارەزایی کارکردنی ئەو کەسانەی کە کاردەکەن

| ڕێژە | ژمارە | شارەزایی کاردکردن |
|---|---|---|
| ٣٩.٧٧٪ | ٣٥ | ١-٥ ساڵ |
| ٢١.٥٩٪ | ١٩ | ٦-١٠ ساڵ |
| ٢٧.٢٧٪ | ٢٤ | ١١-١٥ ساڵ |
| ٩.٠٩٪ | ٨ | ١٦-٢٠ ساڵ |
| ٢.٢٧٪ | ٢ | ٢١ ساڵ بۆ سەرەوە |
| ١٠٠٪ | ٨٨ | سەرجەم |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

**٢-٣-٤ گەڕان بەدوای کاردا**

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا بەدوای کاردا دەگەڕێیت، لە کۆی (١٢٠) کەسی بژاردەی وەرگیراو لە توێژینەوەکەدا دەردەکەوێت کە ( ١٠٤) کەس وەڵامیان بەڵێیە و واتە بەدوای کاردا دەگەڕێن و ڕێژەکەی یەکسانە بە (٨٦.٦٦٪)، لە هەمانکاتدا ئەو بەشداربووانەی کە وەڵامی نەخێریان هەڵبژاردووە واتە بەدوای کاردا ناگەڕێن ژمارەیان (١٦) کەسە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە (١٣.٣٣٪)، وەک لە خشتەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە ( ٢-٣-٤): بژاردەی گەڕان بەدوای کاردا

| ڕێژە | ژمارە | گەڕان بەدوای کاردا |
|---|---|---|
| ٨٦.٦٦٪ | ١٠٤ | بەڵێ |
| ١٣.٣٣٪ | ١٦ | نەخێر |
| ١٠٠٪ | ١٢٠ | سەرجەم |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

### ٢-٣-٥ هۆکارەکانی گەڕان بەدوای کاردا

لە کۆی ئەو (١٠٤) کەسانەی کە وەڵامیان بەڵێ بۆ بەدوای کاردا گەڕان بوو، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە بەدوای کاردا دەگەڕێن:

- لەبەر بێکاری ، ژمارەیان ( ١٩ ) کەسە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ١٨.٢٦٪) کۆی (١٠٤) کەس بەدوای کاردا دەگەڕێن.
- بۆ دۆزینەوەی کارێک کە داهاتەکەی زیاتر بیت ژمارەیان ( ٤٨ ) کەسە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٤٦.١٥٪).
- بۆ دۆزینەوەی کارێکی هەمیشەیی ژمارەیان ( ١٦) کەسە کە ڕێژەکەی دەکاتە ( ١٥.٣٨٪).
- بۆ دۆزینەوەی کارێکی گونجاو لەگەڵ پسپۆڕییەکەی کە ژمارەیان ( ٤) کەسە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٣.٨٤٪).
- بۆ دۆزینەوەی کاری دووەم کە ژمارەیان ( ١٧) کەسە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ١٦.٣٤٪).

هەروەک لە خشتەی خوارەوەدا زانیارییەکان خراونەتە ڕوو.

خشتەی ژمارەی ( ٢-٣-٥): هۆکارەکانی گەڕان بەدوای کاردا

| ڕێژە | ژمارە | هۆکاری گەڕان بەدوای کاردا |
|---|---|---|
| ٪١٨.٢٦ | ١٩ | بێکاری |
| ٪٤٦.١٥ | ٤٨ | داهاتی زیاتر |
| ٪١٥.٣٨ | ١٦ | کاری هەمیشەیی |
| ٪٣.٨٤ | ٤ | کاری گونجاو لەگەڵ پسپۆڕیی |
| ٪١٦.٣٤ | ١٧ | کاری دووەم |
| ٪١٠٠ | ١٠٤ | سەرجەم |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

### ٢-٣-٦ پێشنیارکردنی هەلی کار

لە ئەنجامی وەڵامی پرسیارەکە لە لایەن بژاردەی بەشداربوودا دەردەکەوێت (٨٨) کەس واتە (٧٣.٣٣٪)ی بەشداربووان وەڵامیان بەڵێ بووە کە کاریان بۆ پێشنیارکراوە، لە هەمانکاتدا (٣٠) کەس وەڵامیان نەخێر بووە کە ڕێژەکەی دەکاتە ( ٢٥٪)ی کۆی بەشداربووان و (٢) کەسیش هیچ کام لە بەڵێ و نەخێریان هەڵنەبژاردبوو کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ١.٦٦٪) لە کۆی گشتی بەشداربووان کە ژمارەیان (١٢٠) کەسە، وەک لە خشتەی خوارەوەدا زانیارییەکان ڕوونکراونەتەوە.

خشتەی ژمارە (٢-٣-٦): پێشنیارکردنی هەلی کار

| ڕێژە | ژمارە | پێشنیارکردنی هەلی کار |
|---|---|---|
| ٪٧٣.٣٣ | ٨٨ | بەڵێ |
| ٪٢٥ | ٣٠ | نەخێر |
| ٪١.٦٦ | ٢ | وون بوو |
| ٪١٠٠ | ١٢٠ | سەرجەم |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

**٢-٣-٧ پەسەندکردنی هەلی کاری پێشنیارکراو**

لە کۆی ئەو (٨٨) کەسەی کە بە پێی پرسیاری پێشوو کاریان پێشکەشکرابوو، تەنیا ( ٣١) کەس وەڵامیان بەڵێ بووە و کاری پێشنیارکراویان پەسەندکردووە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٣٥.٢٢٪)، و لە هەمان کاتدا ئەو بەشداربووانەی کە وەڵامیان نەخێر بووە و پێشنیارەکەیان پەسەند نەکردووە ژمارەیان ( ٥٧) کەس بووە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٦٤.٧٧٪) لە کۆی (٨٨) کەسی وەرگیراودا، وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا زانیارییەکان روون کراونەتەوە:

خشتەی ژمارە ( ٢-٣-٧): پەسەندکردنی هەلی کاری پێشنیارکراو

| پەسەندکردنی کاری پێشنیارکراو | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣١ | ٣٥.٢٢٪ |
| نەخێر | ٥٧ | ٦٤.٧٧٪ |
| سەرجەم | ٨٨ | ١٠٠٪ |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

**٢-٣-٨ هۆکارەکانی پەسەندکردنی هەلی کاری پێشنیارکراو**

لە ئەنجامی شیکردنەوەی ئەم پرسیارەدا بۆمان دەردەکەوێت لە کۆی (٣١) کەس کە پێشنیاری کاریان پەسەندکردووە، ( ١٠) کەس لەبەر (گونجاوی پسپۆری) پێشنیارەکەیان پەسەند کردووە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٣٢.٢٥٪). و لە هەمان کاتدا (٢١) کەس پێشنیارەکەیان پەسەند کردووە بەهۆی ( کرێ و موچەی بەرزەوە، کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٦٧.٧٤٪) لە کۆی (٣١) کەسی بەشداربوو، وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٢-٣-٧): هۆکارەکانی پەسەندکردنی هەلی کاری پێشنیارکراو

| هۆکاری پەسەندکردن | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| گونجانی پسپۆریی | ١٠ | ٣٢.٢٥٪ |
| کرێ و مووچەی بەرز | ٢١ | ٦٧.٧٤٪ |
| سەرجەم | ٣١ | ١٠٠٪ |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

**٢-٤ تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن لە دۆزینەوەی هەلی کاردا**

**٢-٤-١ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن لە دۆزینەوەی هەلی کاردا**

دوای ئەنجامدانی ڕاپرسی سەبارەت بە پرسیاری کە ئایا تەکنەلۆژیای زانیاری وگەیاندن بەکاردەهێنی بۆ دۆزینەوەی هەلی کار، بۆمان دەردەکەوێت کە (٨٧ ) کەس وەڵامیان بەڵێیە واتە بە ڕێژەی (٧٢.٥٪)ی بژاردەی وەرگیراو لە توێژینەوەکەدا تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن بۆ دۆزینەی هەلی کار بەکاردەهێنن. لە هەمان کاتدا (٣٢) کەس وەڵامی نەخێر بووە بۆ پرسیارەکە، واتە ( ٢٦.٦٦٪)ی بەشداربوون تەکنەلۆژیای زانیاری وگەیاندن بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بەکارناهێنن و تەنیا (١) کەس هیچ کام لە وەڵامەکانی هەڵنەبژاردووە، کە ڕێژەکەی یەکسانە بە (٠.٨٣٪)، وەک لە خشتەی ژمارە ( ٢-٤-١)دا خراونەتە ڕوو.

خشتەی ژمارە ( ٢-٤-١): بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری وگەیاندن لە دۆزینەوەی هەلی کاردا

| بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٨٧ | ٪٧٢.٥ |
| نەخێر | ٣٢ | ٪٢٦.٦٦ |
| وون بوو | ١ | ٪٠.٨٣ |
| سەرجەم | ١٢٠ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

**٢-٤-٢ دەستکەوتنی هەلی کار لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن**

ئەو بەشداربووانەی کە لە پرسیاری پێشتردا وەڵامیان بەڵێ بوو ژمارەیان (٨٧) کەس بوو لە وەڵامی پرسیاری ئایا بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن هەلی کاریان دەستکەوتووە. لە وەڵامدا (٣٣) کەس وەڵامیان بەڵێ بووە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٪٣٧.٩٣) و لە هەمان کاتدا ( ٥٤) کەس وەڵامی نەخێر بووە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٪٦٢.٠٦)، وەک لە خشتەی خوارەوەدا خراونەتە ڕوو.

خشتەی ژمارە ( ٢-٤-٢): دەسکەوتنی کار لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندنەوە

| دەستکەوتنی کار لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای زانیاری وگەیاندنەوە | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٣ | ٪٣٧.٩٣ |
| نەخێر | ٥٤ | ٪٦٢.٠٩ |
| سەرجەم | ٨٧ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

**٢-٤-٣ هۆکاری پەسەند نەکردنی هەلی کار**

کۆی ئەو بەشداربووانەی کە لە پرسیاری پێشوودا وەڵامیان نەخێر بوو ژمارەیان ( ٥٤) کەس بوو، ئەم پرسیارە بۆ ئەم بەشداربووانەیە کە هۆکاری جیاوازیان بۆ پەسەند نەکردنی هەلی کارەکە هەیە، ئەنجامەکەی بەم شێوازەی خوارەوەیە:

- ئاستەنگی هاتووچۆ: ژمارەیان (١٢) کەسە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٪٢٢.٢٢).
- کێشەی زمانزانی : ژمارەیان ( ٢٠) کەسە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە (٪٣٧.٠٣).
- نەگونجانی پسپۆڕیی: ژمارەیان (سفر)ە
- هۆکاریتر : ژمارەیان (٢٢) کەسە کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٪٤٠.٧٤).

لە خشتەی ژمارە ( ٢-٤-٣) زانیاری زیاتر خراوەتە ڕوو.

خشتەی ژمارە (٢-٤-٣): هۆکاری پەسەندنەکردنی هەلی کار

| هۆکاری پەسەندنەکردنی هەلی کار | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| ئاستەنگی هاتووچۆ | ١٢ | ٪٢٢.٢٢ |
| کێشەی زمانزانی | ٢٠ | ٣٧.٠٣ |
| نەگونجانی پسپۆڕیی | ٠ | ٪٠ |
| هۆکاریتر | ٢٢ | ٪٤٠.٧٤ |
| سەرجەم | ٥٤ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

**٢-٤-٤ جۆرەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری بەکارهێنراو**

لە وەڵامی پرسیاری پێشووتردا کە ئایا تەکنەلۆژیای زانیاری بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بەکاردەهێنیت، ( ٨٧ ) کەس وەڵامیان بەڵێ بوو. لەم ژمارەیەش بەم شێوازەی خوارەوە جۆرەکانی تەکنەلۆژیای زانیارییان بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بەکارهێناوە:

- پۆستی ئەلکترۆنی: ( ١٥) کەس کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ١٧.٢٤٪).
- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: (٤٦) کەس کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٥٢.٨٪).
- ئاگاداری ئەلکترۆنی: ( ٢٦) کەس کە ڕێژەکەی یەکسانە بە ( ٢٩.٨٨٪).

وەک لە خشتەی ژمارە ( ٢-٤-٤) زانیاری زیاتر خراوەتە ڕوو.

خشتەی ژمارە ( ٢-٤-٤): جۆرەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن لە دۆزینەوەی هەلی کاردا

| جۆری تەکنەلۆژیای بەکارهێنراو | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| پۆستی ئەلکترۆنی | ١٥ | ٪١٧.٢٤ |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | ٤٦ | ٪٥٢.٨ |
| ئاگاداری ئەلکترۆنی | ٢٦ | ٪٢٩.٨٨ |
| سەرجەم | ٨٧ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

**دەرئەنجام**

لەژێر ڕۆشنایی شیکردنەوەکاندا دەکرێت ئەم دەرئەنجامانە بخەینەڕوو:

1 - دەرئەنجامەکان دەردەخەن زۆرینەی ئەوانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن، بەهۆی هۆکاری دارایییەوەیە و بە ئامانجی موچەیەکی بەرزتر یان داهاتێکی زیاتر بەدوای کاردا دەگەڕێن.

2 - ڕێژەیەکی زۆری ئەوانەی بە شێوەی ئەلکترۆنی بە دوای کاردا دەگەڕێن زۆرینەیان تەمەنیان لە نێوان (٢٥- ٤٠ ساڵ)دایە و ئەمەش ئەوە دەگەینێت کە قەیرانی دارایی هەرێم لە ٢٠١٤دەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر هەلی کار لە هەر دوو کەرتی گشتی و تایبەت و بەهۆی لاوازبوونی کاروانی وەبەهەرهێنان و ڕاوەستانی دامەزراندن لە کەرتی گشتیدا هەبووە.

3 - زۆربەی ئەوانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن دەرچووی ناوەندەکانی خوێندن و زانکۆ بە ئاستی جیاوازن و لە هەمانکاتدا زۆرینەی ئەوانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن خێزاندارن.

4 - دوای بەکارهینانی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن لە لایەن ئەوانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن، بەشێکی لەم ڕێگەیەوە هەلی کاریان بۆ پێشنیارکراوە، لەنێو ئەمانەشدا زۆربەیان کارەکەیان بەهۆی کێشەی زمانەوە، یان کەمی موچە یانیش لەبەر کێشەی هاتووچۆوە پەسەند نەکردووە، ئەوانەشی کە کارەکەیان پەسەند کردووە بەهۆی گونجان لەگەڵ پسپۆڕی و داهاتی زیاترەوە بووە، ، ئەمەش واتە پەسەندکردنی گریمانەی دووەم.

5 - زیاتر لە (٧٠٪) ی ئەوانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بەکار دەهێنن، لەم چینەشدا زیاتر لە ( ٣٧٪ ) توانیویانە لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای زانیاری کاریان دەستبکەویت، ئەمەش واتە پەسەندکردنی گریمانەی یەکەم.

**6** - بەکارهێنەرانی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن ژمارەیان سێ جۆرە کە بریتین لە پۆستی ئەلکترۆنی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئاگاداری ئەلکترۆنی، بەڵام ئەوەی لە هەموویان زیاتر بەکاردەهێنرێت بریتیە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە ئەمەش لەبەر ئاسانی لە بەکارهێنانی دایە.

## پێشنیارەکان

لە ژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکاندا، ئەم پێشنیارانەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

1 - گرنگی دان بە ڕۆڵی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن لە درووستکردنی سەکۆی ئەلکترۆنی تایبەت بە خستنەڕووی هەلی کاری بەردەست و درووستکردنی سەکۆی ئەلکترۆنی تایبەت بە تۆمارکردنی خوازیارانی کار و ناساندنیان بە کۆمپانیا و کەرتی تایبەت.

2 - پێویستە حکومەتی هەرێم مەرجی دامەزراندنی بەرزترین ئاستی دەستی کاری خۆماڵی لەسەر ئاستەکانی لێهاتووی و بڕوانامەییدا بسەپێنیتە سەر کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت.

3 - سەپاندنی مەرجی پێدانی دەستەبەرکردنی کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی کرێکاران لە دڵەڕاوکێ ی دەستەبەرکردنی مافەکانیان پەنا نەبەنە بەر دەستبەرداربوونیان لەکاری ئێستایاندا.

4 - کردنەوەی خولی جۆراوجۆر بۆ پەرەپێدان بە تواناکانی کرێکاری نیشتیمانی لە بوارە جیاوازەکاندا و لە پێناو ئامادەکردنیان و گونجاندنیان لەگەڵ پێویستی هەنووکەیی بازاڕی کاردا.

5 - سەپاندنی مەرجی خستنەڕووی دەرفەتی کار لە لایەن کۆمپانیاکانەوە و بە شێوەی ئەلکترۆنی و لەپێناو دوورکەوتنەوە لە خزم خزمێنە و ئاشنابوون بە زۆرترین خوازیارانی دەرفەتی کار.

6 - درووستکردنی سەکۆیەکی ئەلکترۆنی حکومی تایبەت بە خستنەڕووی دەرفەتەکانی کاری بەردەست و سەکۆیەکی ئەلکترۆنی حکومی گشتگیریش بۆ خستنەڕووی سەربوردەی شارەزایی و زانستی خوازیارانی کار.

## سەرچاوەکان

ا.د.محمد یوسف حاجم الهیتي، (٢٠٢٢). التوزیع الجغرافي للصناعات العلفیة في محافظة اربیل و عملیاتها الانتاجیة. *مجلة دیالى للبحوث الانسانیة*، ٦٨.

احمد المصبح عماد الدين، و محمد عبدالكريم المرعي، (٢٠١٤). العوامل المؤثرة في الطلب على العمالة في بعض الدول العربية خلال الفترة ١٩٩٠-٢٠١١. *مجلة الباحث الاقتصادي*، ٢٨.

اسماعيل زبير بلال، (١٩٧١). *اربيل في ادوارها التاريخية*. نجف: مطبعة النعمان.

اطياف اياد ابراهيم العلاف، (٢٠١٩). تكنولوجيا المعلومات والاتصالات ودورها في تعزيز الاداء المنظمي وفق متطلبات أدارة الجودة الشاملة دراسة حالة في البنك المركزي العراقى / بغداد. *رسالة ماجستر، كلية الادارة و الاقتصاد، جامعة الموصل، العراق*، ٢٩٩.

بقاط حنان، منى خلف، و محلوس زكية، (٢٠٢١). محددات عرض العمل في الجزائر: دراسة قياسية للفترة ١٩٨٠-٢٠٢٠. *مجلة العلوم الإدارية و المالية*، ٣٢٠-٣٣٩.

جيهان جبرائيل عبداللة، (٢٠١٤). واقع تأثيرات تكنولوجيا المعلومات والأتصالات فى بيئة العمل دراسة استطلاعية لآراء عيينة من العاملين في كلية الأدارة والأقتصاد، جامعة الموصل. *دبلوم عالي، قسم نظم المعلومات الأدارية، كلية الأدارة والأقتصاد، جامعة الموصل، العراق*، ٢٨.

حمدي اسعد الدلو، (٢٠١٦). استراتيجية مقترحة لموائمة مخرجات التعليم العالي باحتياجات سوق العمل في فلسطين. *رسالة ماجستر، جامعة الاقصى، غزة، فلسطين*، ٦٠-٦١.

خالد علي يوسف العطار، احمد فخري هاني، و سها عيد رجب، (٢٠٢٣). "أثر استخدام تكنولوجيا الاتصالات والمعلومات في بيئة العمل على التفاعل الاجتماعي " (دراسة تطبيقية على بعض شركات قطاع البترول). *مجلة علوم البيئية*، ١-٢٠.

د. رليد فضيل ، د.زاير وافية، و د.ظاهري طارق، (٢٠١٩). اسهامات تكنولوجيا الانترنت في خدمة التسويق-التسويق الرقمي نموذجا-. *مجلة البليدة ٢* ، ٩.

د. ليلى البهنساوي، (٢٠١٨). المواؤمة بين مخرجات التعليم الجامعي و سوق العمل، دراسة على عينة من الخريجين بالحضر. *مجلة كلية الاداب جامعة القاهرة*، ٣٦-٥٦.

د.اميرة محمد شوقي عبدالنبي جادو، (٢٠٢٣). دور التكنولوجيا الرقمية في تنمية سوق العمل في مملكة العربية السعودية. *مجلة البحوث التجارية- كلية التجارة جامعة الزقازيق*، ٨١٩-٨٣٨.

د.فيصل حمد مناور، محمد كشو، ماجد بن مبارك الشعيلي، و د.عادل عبدالغفار، (٢٠١٦). *التكنلوجيا الحديثة و اثارها على سوق العمل العربية (الانماط الجديدة للعمل)*. المنامة.

رابي جلال ابراهيم، (٢٠٢٣). دور تكنولوجيا المعلومات والاتصالات فى البحث عن العمل في اقليم كردستان ( دراسة تطبيقية في مدينة أربيل العام ٢٠٢٢). *رسالة ماجستر و قسم الاقتصاد، كلية الادارة و الاقتصاد، جامعة صلاح الدين اربيل*.

زكريا جرفي، (٢٠٢٠). اثر الدعم الفلاحى على سوق العمل فى الجزائر – دراسة التحليلية قياسية للفترة ٢٠٠٠ -٢٠١٨. *مجلة افاق علمية*، ٧١٤-٧٣٧.

زينب محمد الفقية، (٢٠١٧). أهمية تكنولوجيا المعلومات في دعم التطوير التنظيمي. *مجلة علمية دولية في التربية*، ١٢٩.

سلام فاضل علي، و عدي فاضل عبد، (٢٠١٦). دور التوطن الصناعي في توفير فرص العمل في إقليم كردستان-العراق. *مجلة جامعة كربلاء*، ٣٧.

مدحت القريشي، (٢٠٠٧). *اقتصاديات العمل*. عمان: دار الاوائل للنشر و التوزيع.

مهند عباس حسين، و سناء عبدالرحيم سعيد العابدي، (٢٠٢٠). دور تقنيات المعلومات و الاتصالات في تعزيز القيادة الريادية: دراسة تحليلية في مديرية بلدية الحر-كربلاء المقدسة. *مجلة تكريت للعلوم الإدارية و الاقتصادية*، ٣٤٥.

نبيل طه اسماعيل، (٢٠٢١). اثر الزيادة السكانية لمحافظة اربيل على نمط التنمية المكانية ٢٠٠٣-٢٠٢٠. مركز *التخطيط الخضري و الاقليمي للدراسات العليا*، ٦. تم الاسترداد من هيئة احصاء إقليم كوردستان.

نشأت خليل قدورة عايش، (٢٠١٧). مساهمة قطاع تكنولوجيا المعلومات والأتصالات في عملية التنمية الأقتصادية دراسة تطبيقية على الشركات الفلسطينية (في قطاع الغزة). *رسالة ماجستر، كلية الادارة و الاقتصاد*، جامعة الاسلامية- *غزة، فلسطين*، ٢٨.

**فۆرمی پرسینەوە**

ناونیشانی توێژینەوە:

((شیکردنەوەی ڕۆڵی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن لە دۆزینەوەی هەلی کار/ پارێزگای هەولێر وەک نمونە- ٢٠٢٤))

ئەم فۆرمی ڕاپرسیەی کە لە بەردەستتاندایە بۆ توێژینەوەیەکی زانستییە، هاوکاریتان جێگەی ڕێزە و پالنەرە بۆ پرۆژەیەکی زانستی کە سود بە کۆمەڵگەکەمان دەگەینێت، بۆیە هاوکاریمان بە بە وەڵام دانەوەی پرسیارەکان وە دڵنیاتان دەکەینەوە ، کە زانیاریەکان تەنها بۆ بواری توێژینەوە بە کاردێن و زانیارییەکانتان پارێزراو دەبن.

**تەوەری یەکەم: تایبەتمەندی دیموگرافیا و ئابووری:**

١- ڕەگەز: نێر ( ) ، مێ ( )
٢- تەمەن: 15-19 ( ) 20-24 ( ) 25 – 29 ( ) 30 – 34 ( ) ٣٥ – 44( ) ٤٥ و زیاتر ( ).

٣- باری خێزانی: سەڵت ( ) خێزاندار ( ) هیتر ( ).
٤- شوێنی نیشتەجێبوون: ناو شار ( ) دەرەوەی شار ( ).
٥- - ئاستی زانستی: دەخوێندنەوە و نووسین ( ) سەرەتایی ( ) ناوەندی ( ) ئامادەیی ( ) دبلۆم ( ) بەکلۆریۆس( ) دبلۆمی باڵا ( ) ماستەر ( ) دکتۆرا ( ).

٦- داهاتی مانگانەی خێزان ( ) دینار.

٧- خەرجی مانگانەی خێزان ( ) دینار.

**تەوەری دووەم : تایبەتمەندی ئابووری ئەو کەسانەی ، کە بەدوای کاردا دەگەڕین :**

1-کارت هەیە لە ئێستادا؟ بەڵێ( ) نەخێر ( ).

2-ئەگەر وەڵامی ژمارە (١) بە (بەڵێ ) یە ئەوا خاوەندارییەتی کەرتەکە دیاری بکە:

کەرتی گشتی ( ) کەرتی تیبەت ( ).

3-ئەگەر وەڵامی ژمارە (١) بە (بەڵێ) بێت ئەوا ماوەی چەند ساڵ شارەزایت هەیە :
5-1 ( ) 6-١٠( ) 15-11 ( ) 16 -20 ( ) 21 و زیاتر ( ).
4-ئەگەر وەڵامی بڕگەی (١) بە (بەڵێ) بێت یاخود بە (نەخێر) ، ئەوە بەدوای کاردا دەگەڕێیت:
بەڵێ ( ) نەخێر ( ) .
5-ئەگەر وەڵامی بڕگەی (٤) بە (بەڵێ) بێت ئەوا بۆ چی؟ لە بەربێکاری ( ) دۆزینەوەی کارێك کە داهاتی زیاتر بێت ( ) بۆ دۆزینەوەی کارێکی هەمیشەیی ( )بۆ دۆزینەوەی کارێك ، کە گونجاو بێت لەگەڵ پسپۆڕییم ( ) بۆ دۆزینەوەی هەلی کاری دووەم ( ).
6-ئایا هیچ پێشنیارێکی هەلی کارت بۆ کراوە؟ بەڵێ( ) نەخێر ( ) .
7-ئەگەر وەڵامی بڕگەی (٦) بە (بەڵێ) یە ئەوا پەسەندت کردووە؟ بەڵێ( ) نەخێر ( ).
8-ئەگەر وەڵامی بڕگەی (٧) بە (بەڵێ) بوو ، ئەوا پاڵنەری پەسەند کردنەکەت چی بوو؟
گونجانی پسپۆڕیی ( ) کرێ و مووچەی بەرز ( ).

**تەوەری سێیەم : بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن بۆ دۆزینەوەی هەلی کار :**

1-ئایا چ تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن بەکار دەهێنی بۆ دۆزینەوەی هەلی کار وەك : مۆبایل ، کۆمپیوتەر، هیتر ؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( ).
2-ئەگەر وەڵامی بڕگەی (١) بە (بەڵێ) بێت ئایا هەلی کارت دەستکەوتووە ؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( ).
3-ئەگەر وەڵامی بڕگەی (٢) بە (نەخێر) بێت ئەوا بۆ چی؟
ئاستەنگی هاتووچۆ ( ) کێشەی زمانزانین ( )نەگونجانی پسپۆری( )هیتر ( ).
4-کام لەم ڕێگایانە ی خوارەوە بەکاردەهێنی بۆ دۆزینەوەی هەلی کار ؟
پۆستی ئەلکترۆنی( ) تۆرە کۆمەڵایەتیەکان( )ئاگاداری ئەلکترۆنی( ).

**الملخص**

تُستخدم تكنولوجيا المعلومات والاتصالات كأداة حديثة في إيجاد فرص العمل في جميع دول العالم بغض النظر عن مستوى التطور الاقتصادي والتكنولوجي، وإقليم كوردستان ليس معفياً من الاستفادة من هذا الطريق. الهدف من البحث تحديد مستوى وعي الباحثين في استخدام تكنولوجيا المعلومات والاتصالات فى العثور على فرص العمل، و تحديد الدور الذي تلعبه المنصات الإلكترونية في العثور على فرص العمل. تم استخدام الاسلوب الاستقرائي لتحقيق هذا الهدف. توصل البحث إلى عدة استنتاجات منها: أن نسبة كبيرة من الباحثين عن العمل استخدمو المنصات الإلكترونيه، وأغلبهم تتراوح أعمارهم بين ٢٥-٤٠ سنة، وهو ما يعني أن الأزمة المالية التي يعيشها اقليم كوردستان منذ عام ٢٠١٤، قد أثرت فى فرص العمل في القطاعين العام والخاص سلباً بسبب ضعف الاستثمار و عدم التوظيف في القطاع العام. يستخدم أكثر من ٧٠٪ من الباحثين عن فرص عمل تكنولوجيا المعلومات والاتصالات للعثور على عم، وقد تمكن أكثر من ٣٧٪ منهم من العثور على فرص العمل من خلال تكنولوجيا المعلومات. تم تقديم عدة اقتراحات منها الاهتمام بدور تكنولوجيا المعلومات والاتصالات في إنشاء منصة إلكترونية للإعلان عن فرص العمل المتاحة، وإنشاء منصة إلكترونية لتسجيل الباحثين عن فرص عمل وتعريفهم بالشركات والقطاع الخاص، وإنشاء منصة حكومية إلكترونية للإعلان عن فرص العمل المتاحة، و انشاء منصة الحكومة الإلكترونية الشاملة لعرض مهارات ومعارف الباحثين عن فرص عمل.

**الكلمات المفتاحية** : تكنلوجيا المعلومات و الاتصالات، فرص العمل، اربيل.